KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:55 28-7-2007

**پشتیوانی لە نارەزایی دەربرینی وەزیری رۆشنبیری کوردستان**

پشتیوانی لەو نارەزایی دەربرینەی وەزیری رۆشنبیری کوردستان دەکەین، سەبارەت بە حوکمی لە سێدارەدانی (عەدنان حسەن پور وهیوا بۆتیمار) کە تێیدا هاتووە ئەوە پێشێلکارییەو دژ بە مافی مرۆڤ و ئازادی بیرورا دەربرین لە رۆژهەلاتی کوردستان.

1- بەو بۆنەیەوە کۆمەلێك لە رۆشنبیرەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات پشتیوانی خۆیان دەردەبرن بۆ لێدوانەکەی کاك (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیریرۆشنبیری کوردستان.

هاووڵاتیان ئازادیخواز

جارێکی تر رژێمی ئیسلامی ئێران و دەزگا سەرکوتکەرەکانی و بکوژەکانی خۆی زیاتر کارا کردووە هەر دەنگێکی حەقخواز لەناو قورگدا دەخنکێنی، هەر دوێنی وتارێکمان لە بارەی گەلان و مەسەلەی ئازربایجان خوێندەوە، کە ئاماژەی پێکرابوو زۆرترین ئاماری چەوسانەوەو بەردباران کردن لە پاش ئیقلانی (1979) لە ئازربایجان بووە، ئێستاکەش رۆژنامەنووس و پەیامنێران داکۆکی کارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، کە بێجگە لە قەڵەمی خۆیان هیچ کارێکی نارەوا و نایاسایان نەکردووە و بوونەتە ئامانجی تیری ژەهراوی رژێمی ئێران لەو رۆژانەدا (16) کەس لە بەلوجستان بە تاوانی تێکدەر لەسێدارەدران.

روون و ئاشکرایە کە رژێم بە باس و خواس و ئەو هەموو بروپاگندەیە. کە بەناوی دژمنانی خاربجی دەیکات، لەوەدا دیارە ئامانجی لەو پروپاگندەیە، ترسە لەخودی ئەو خەڵکەی کە لە مەنتیق تێدەگات و سام گرتوویەتی.

هەر لەبەر ئەوەشە دەستی کردووە بە چاوشکاندن و تۆڵە سەندنەوە، لەکەسانی داکۆکی کار لە مافی مرۆڤ و نووسەران و رۆژنامەنووسانی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران کە بەرگری لەمافی مرۆڤ دەکەن و دەیانەوی بەشێوەیەکی ئاشتخوازنە بگەنە سەربەخۆیی و مافی چارەنووس.

بۆیە لە 2007/7/17 رۆژنامەنووسێك بەناوی (عەدنان حەسەن پور و و هیوا بوتیمار) لە دادگای سنە سزای لە سێدارەدانیان بۆ برایەوە.

دەبێت ئێمە لەهەموو ئەو کەسانەی کە داوای ماف و ئازادی دەکەن و نوێنەری خەڵکن لەسەرتاسەری دونیادا، وەهەروەها لە وەزیرو رۆشنبیرانی کورد داواکارین، هەروەك وەزیری رۆشنبیری حکومەتی کوردستان دەنگی خۆیان بۆ نارەزایی دەربرین لەسەر ئەو ناعەدالەتیەی جمهوری ئیسلامی ئێران بەرزبکەنەوەو نەهێڵێن ئەوکەسانە راپێچی سێدارە بکرێن.

ئێمە بە نوێنەرایەتی لەلایەن کۆمەڵەی رۆشنبیرانی یارسان وئەندامانی ئەنجوومەنی رۆشنبیری کۆمەڵەی یارسان لە دەرەوەی وڵات،

گوڵمۆراد مورادی کە یەکێکەلە مامۆستایانی ئەنجومەنی قەڵەمی ئێران و رێکخراوەکە و وتەبێژی ئەنجومەن رۆشنبیری کۆمەڵەی یارسانەو چالاکوانی سیاسیە لە دەرەوەی وڵات وەهەروەها نووسەرو تێکۆشەری ساسیی (سیامەکی نەجەفی) شاعیرو نووسەری کورد ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری یارسان لەدەرەوەی وڵات

لە جیاتی زیاتر لە (55) ئەندامانی ئەنجومەنی یاراسان لەدەرەوەی وڵات

ئەمەش دەقی نارەزاییەکەیە

نارەزای دەبیرینی وەزیری رۆشنبیری کوردستان بەرامبەر بە حوکمی ئیعدامی نارەزایانی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڕێز (فەلەکەدین کاکەیی) وەزیری رۆشنبیری حکومەتی کوردستان لە بەیاننامەیکدا دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ عەدنان حەسەن پور رۆژنامەنگەری سەربەخۆ و هیوا بۆتیمار لەتێکۆشەرانی بواری مەدەنیلەرۆژهەلاتی کوردستانی مەحکوم دەکات.

وەزیری رۆشنبیری لەم بەیاننامەدا دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ ئەم دوو رۆژنامەنووس و خەباتگێڕانی مەدەنی رۆژهەلاتی کوردستان بەستسمێکی ناڕەوا دادەنی و خوازیاری ئەوەیە کە بەزووترین کات ئازاد بکرێن.

لەم بەیاننامەیەدا بەروونی ئامارژە بەوە دەکات کە ئێمە سەبارەت بە ئازارو ئەشکەنجەدانی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بە کوردی دەنووسن و وتویژ دەکەن بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە پروتستۆدەکەین و نارەزایەتی خۆمان دەردەبڕین، بۆیە داوا دەکەین بەزووترین کات پێش بەم جۆرە کردەوە نامرۆڤایەتیانە بگیرێت.

(لەسایتی: تەها پارس) وەرگیراوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.